

# کامێرایەکی شاشە لەمسی بە گەلێک تایبەتمەندی دیکەوە

بوونـی شاشـەی لەمسـی ڕەنگـە لە کۆمپیوتەر و مۆبایلدا زۆر گرنگ بێت، بەڵام لە کامێرای وێنە و ڤیدیۆییدا ئەوەندە گرنگ نەبێت، بەڵام چونکە جیهانی دیجیتالی بەرەو لەمسی و سـێ ڕەهەندی هەنگاو دەنێ بۆیە شاشەی لەمسی خۆی لەکامێراشدا بینیوە.

کۆمپانیـای کانـون کامێـرای جۆری IXUS 310 HSی بەرهـەم هێنـاوە کە شاشـەکەی تەواو لەمسـییە و هەندێك تایبەتمەندی پێشکەوتووشی تێدایە. کامێراکە 12 میگاپیکسلە، عەدەسەکەی 24-105 ملمە، زومەکەی 4 بەرامبەرە. سیسـتەمی دژی لەرزینـی دەسـتی هەیـە. توانـای تۆمارکردنی ڤیدیۆیی Full HDی هەیە و فیلمی ڤیدیۆیی بە توانای فیلم هەڵگرتنەوەی 240 فرێـم لە چرکەیەکدایـە. کامێراکە لە بواری دیزاینەوە چەندین ڕەنگی هەیە.

# ماوس یان تەرازووی دیجیتالی



لەبابەتێکـی دیکـەی ئـەم لاپەڕەیـەدا ئاماژەمـان بەوەدا کە ماوسـی کۆمپیوتەر ئەرکـی سـەرەکی ئەوەیە کە فەرمانەکانـی بەکارهێنەر بـۆ کۆمپیوتەر بگوازێتەوە، بەڵام لە ژمارەی پێشـووی ئەم گۆڤارەدا ئاماژەمان بە ماوسـێك دا کە هەم ماوسە و هەم ئامێری حاسیبیە، ئەمجارەیان ماوسـێکتان پێدەناسـێنین کە جگە لەوەی ئەرکەکانی مـاوس رادەپەڕێنـێ، ئەرکی تەرازووی دیجیتالیش جێبەجێ دەکات.

ماوسەکە بەرهەمی کۆمپانیای براندۆیە، کە دەکرێت بەکارهێنەرەکەی ئەرکی کێشانیشـی پێ جێبەجێ بکات، ڕەنگە زیاتر بۆ زێڕەنگەرەکان گونجاو بێت، کە هەم ئەرکـی کۆمپیوتەری پێ ئەنجام بدەن و هەم زێڕیشـی پێ بکێشـن. یان دەکرێت وەك تەرازوویەکی دیجیتالی چێشتخانە بێتە ژمار، تەرازووە ماوسەکە دەتوانێت تا 500 گرام بە وردی و بێ هەڵە کێش بکات.



# سکاینەرێک تایبەت بە سکانکردنی کتێب و گۆڤارەکان

سکاینەر ئامێرێکی لاوەکییە کە بە کۆمپیوتەرەوە پەیوەند دەدرێ و ئەرکـی ئەوەیە کـە دوکیومێنت، وێنە، کتێب، گۆڤار. سـکان بـکات و بگوازێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر، سـکاینەرەکان گەلێکن و تواناکانیشـیان جیاوازە. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەک سکاینەری جۆری OpticBook 3800 بەرهەم هێنا کە دەتوانێت بەبێ گرفت هەموو کتێب و گۆڤارێك سـکان بکات و سێبەری ڕەشی قەراغ گۆڤار و کتێبەکان لادەبات.

سکاینەرەکە هەموو شتێك بە شێوەی PDF خەزن دەکات و لـە ڕێگای کەلێنی USBیەوە بە ئامێرەکانی دیکەوە پەیوەند دەدرێت. هەروەها سـکاینەرەکە دەتوانێت فیلمەکانی کامێرا لە حاڵەتی نیگەتیڤەوە بکاتەوە وێنە.

# کارتی شاشەی وایەرلەیس



کارتی شاشە وەك گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت، چونکە بەبێ کارتی شاشە یان بە واتا زانستییەکەی VGA card ناتوانیت هیچ پرۆگرامێکی گرافیکی یان ڤیدیۆیی تەنانەت پرۆگرام دەق و نووسینیش بکەیەوە. هەتا ئاستی ئەو پارچەیە لە کۆمپیوتەردا لەسەرووتر بێت، کوالیتی شاشەکە باشتر و بەهێزترە.

لەم دواییانەدا کۆ مپا نیا ی Galaxy کارتی شاشەیەکی داهێنا کە بەبێ وایەر بە کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە. هەر بەبێ وایەریش وێنەکان بۆ تەلەڤزیۆن رادەگوێزێ. بەو هۆیەوە کەیسی کۆمپیوتەرەکەت لەسەر هەر شوێنێك لە ماڵەکەتدابێت کارتی شاشەکە دەتوانێت وێنەکان بە دیقەی 1080p بگوازێتەوە. کارتی شاشەکە پێنج ئالێری تایبەتی پێوە بەندە بۆ ئەوەی کە هیچ بەربەست و دیوارێك نەبێتە لەمپەر لە رێگای گواستنەوەی دیمەنەکان بۆ سەر تەلەڤزیۆن.



# ئەو کامێرایەی سەگ و پشیلەش دەناسێ

کامێرای دیجیتالی لەم دواییانەدا کۆمەڵێك تەکنەلۆژی نوێی پێوە زیاد کرا، وەك ناسینی روخساری مرۆڤ، وێنەگرتن بەمەرجی پێکەنین.. لەمدواییانەدا کۆمپانیای Olympus جۆرە کامێرایەکی داهێناوە کە وێنەی گیانلەبەرانی ماڵەوە وەك سەگ و پشیلە و ئەسپ و .. دەناسێ. کامێرای SP-810UZ دەتوانێت وێنەی سێ رەهەندی بگرێت، هەروەها وێنەی پانۆراماش ئۆتوماتیکی رێکخستنی روناکی وێنە بۆ بەکارهێنەرانی کامێراکە زۆر ئاسانە. هێزی زومی ئیپتیکالی کامێراکە زۆر بەرزە. هەروەها کامێراکە زۆر بەئاسانی بە تەلەڤزیۆنەوە دەبەسترێت.



# ئەو کیبۆردەی پەنجەکانتان ئازار نادات

کیبۆرد کە گرنگترین ئامرازی پێکەوە گرێدانی مرۆڤ و کۆمپیوتەرە، پێکهاتووە لە چەندین دوگمە کە بە داگرتنی هەر دوگمەیەك کارەکتەرێك لەسەر شاشە دەنووسرێت، رەنگە زۆر کەس لە بواری جەستەییەوە لاواز بێت و نەتوانێت دوگمەکانی کیبۆرد دابگرێت، یان بە داگرتنی دوگمەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ماندوو ببێت، هەربۆیە کیبۆردێکی تەواو لەمسی بەرهەم هاتووە کە هیچ ماندووبوونێك بە پەنجەکان ناگەیەنێت. کیبۆردەکە کە بەناوی Minebea cool leaf keyboard ناسراوە ئەوکاتەی کە دەکوژێتەوە شێوەی بە جامێکی روون دەچێت. بەڵام کاتێك کۆمپیوتەرەکە دادەگیرسێ گشت دوگمەکانی هەڵدەبن.

تایبەتمەندی گەلێك گرنگ کە لەو کیبۆردەدا هەیە ئەوەیە بە ویستی خۆت دەتوانی دوگمەکانی بگۆڕی، دەتوانی تەنیا چەند دوگمەیەك لەسەر کیبۆردەکە دابنێی. یان گشت دوگمەکانی لەگەڵ ئەو زمانە دابنێی کە لەگەڵ ویستی تۆ دەگونجێن.




# چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی پرێنتیش دەکات

چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی زۆر لەمێژ نییە شوێنی خۆی وەك دیكۆری ماڵەوە گرتووە، چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی هەر وەك چوارچێوەی وێنەی ئاسایی دەچێت كە تەنیا یەك وێنەی تێـــدا دادەنرا، بەڵام چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی دەتوانی بە هەزاران وێنەی تێدا جێبكەیەوە و بەو تایمەی كە بۆ داندراوە وێنەكان دەگۆڕێت و لەگەڵ وێنەكانیشـــدا ئەو مۆسیقایەی بۆت دیاری كردووە بڵاودەكاتەوە.

كۆمانیای ســـۆنی چوارچێوەیەكی وێنـــەی دیجیتالی بەرهەم هێناوە كە لەگەڵ ئەوەیدا وێنەكان بە ســـلاید نیشان دەدات دەتوانێ هەر وێنەیـــەك كە نیازتە پرێنتی بكەی و هەم چوارچێوەی دیجیتالییە و هەم پرینتەر. چوارچێـــوە دیجیتالییەكە بە DPP-F800/B ناسراوە شاشەیەكی LCDی روون و شەفافە و خاوەنی 256 میگابایت هاردە. دەكرێت 500 وێنە بە كوالیتی بەرزەوە تێیدا خەزن بكرێت، لەو چوارچێوە دیجیتالییەدا دەتوانی وێنەكان بسوڕێنی و هەروەها دەكرێت چەندین كارتی میمۆری بۆ دابندرێت. وێنەكان دەكرێت بە ریمۆت كۆنترۆڵی تایبەت كۆنترۆڵ بكرێن.

# ئەو لەزگەیەی گشت شاشەیەک دەکاتە سێ رەهەندی

ئەوانـــەی كە لە ســـاڵانی هەشـــتا و نەوەدەكاندا دەژیـــان، ئەوكاتەی كە تەلەڤزیۆنـــی رەنگی تاك و تەرا لە هەندێـــك ماڵ هەبوو، ئەوانەی كە حەزیان دەكـــرد تەلەڤزیۆنە رەش و ســـپییەكەی ماڵەوەیان بە رەنگـــی ببینن، دەهاتن پارچە نایلۆنێكی شـــەفافی رەنگاورەنگیان لە تەلەڤزیۆنەكە دەدا و دەیانگوت تەلەڤزیۆنەكەمان بوو بەرەنگی!!

بەدوای داهاتنی تەلەڤزیۆنی 3D واتە ســـێ رەهەنـــدی، كۆمپانیایەكی ژاپۆنی هەر راســـت بەو بیرۆكەیە ئاماژەم پێدا، لەزگەیەكی شەفاف و روونی بەرهەم هێناوە كە ئەگەر لەســـەر هەر شاشـــەیەك دابندرێت دەیكات بە ســـێ رەهەندی.

كۆمپانیای ژاپۆنی گلۆبال ڤیو، ئەو لەزگەیەی بەرهەم هێناوە كە شاشەی مۆبایل، كۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، كامێرا...تاد دەكاتە ســـێ رەهەندی. لەزگەكە كە بە Pic3D ناســـراوە بەجۆرێك شاشەكە دەكاتە سێ رەهەندی كە پێویست بە چاویلكەی ســـێ رەهەندی نەكات. ئەو لەزگە هۆشمەندە لە عەدەسەیەك و پرۆگرامێكی تایبەتی پێكهاتووە.







# سایتی zoho گەنجینـ

ســـایتی zoho لە كۆمەڵێك پرۆگرامی زۆر گرنگ كە ئەركی رۆژانـــەی پێرادەپەڕێنین پێكهاتووە، هەموو پرۆگرامەكان ئۆنلاین و بە خۆڕایین، خزمەتگوزارییەكانی ئەو سایتە دەتوانێ جێگرەوەكەی باش و گونجاو بێت بۆ ئەو پرۆگرامانەی كەلەسەر كۆمپیوتەرەكەتدا هەن.

بۆ ناساندنی خزمەتگوزارییەكانی ئەو سایتە پێویستە چەند نموونەیەك بهێنینەوە، لەسەر كۆمپیوتەرەكەی خۆت بەهەر هۆیەك بێت پرۆگرامی wordی لەسەر نییە و بەڵام نیازت هەیە بابەتێك بنووسی، كاتەكەش وا نییە بـــۆ دابەزاندنی ئەو پرۆگرامەكە، لەكاتێكی وادا لە ســـایتی

# بە پرۆگرامێک وێنە سڕاوەکانتان بگەڕێننەوە

لە جیهانی دیجیتالیدا هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە کە فایلێکی گرنگ جا بە هەر هۆیەك بێت بسڕێتەوە. بۆ نموونە کتێبێکت تەواو کردووە بەڵام دەبینی لە یەك کاتدا کتێبەکە دەسڕێتەوە و ئاسەواریشی نامێنێ. یان چەند وێنەیەکی رۆژی لە دایك بوونتان یان وێنەی دوکیۆمێنتێکی زۆر گرنگ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دەسڕێتەوە. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەو کاتە هەستیارانە و گێڕانەوەی وێنە سڕاوەکان، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان، پرۆگرامی Ashampoo GetBack Photo کە چارەسەری زۆر لەو گرفتانە دەکات. پرۆگرامەکە تەنانەت هەر وێنەیەك لە هەر شوێنێك بێت، لە فلاش میمۆری، میمۆری کامێرا یان میمۆری کۆمپیوتەر سڕابێتەوە دەیهێنێتەوە. کارکردن بەو پرۆگرامە گەلێك ئاسانە. چونکە خۆی لە چەند فەرمانێك پێکهاتووە و بەس. پرۆگرامەکە زۆربەی کامێرا دیجیتالییەکان دەناسێ، هەروەها پشتیوانی لە زۆربەی فۆرماتی فلاش میمۆرییەکان دەکات.






# میدیا پلەیەرێک 13 هەزار وێستگەی رادیۆ وەردەگرێت

میدیاپلەیەر یان سیستەمی بڵاوکردنەوەی مۆسیقی کە بەئامێری دیجیتالی گەنجان ناسراوە، شوێنی تەسجیلی ریکوردەری گرتۆتەوە.. لەم دواییانەدا کۆمپانیای bang& olufsen نوێترین میدیاپلەیەری بەرهەمهێنا کە بۆخۆی ئەرشیفێکی گەورەی مۆسیقایە و زیاتر لە 13 هەزار وێستگەی رادیۆی ئینتەرنێتی تێدایە. بەم توانایەوە بەکارهێنەرەکەی دەتوانێت هەر مۆسیقایەك کە حەزی لێدەکات گوێی لێبگرێ. دیزاینی ئامێرەکە ئاسان و سەرنجڕاکێشە و بەکارهێنانی گەلێك ئاسانە. ئەو ئامێرە لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکانی وەك هاردی دەرەکی، کۆمپیوتەری لاپتۆپ، فلاش میمۆری و سپیکەر پێوەندی هەیە. هەروەها شاشەیەکی 10 ئینجی هەیە، جگە لەوەش دوگمەیەك کە بە سوڕاندنی دەتوانی فایلە مۆسیقییەکان لە وێستگە رادیۆییەکانی ئینتەرنێتدا بدۆزیەوە.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز گرفتێکی لە کۆمپیوتەرەکەیدا بۆ هاتۆتە پێش و داوای چارەسەری دەکات؟ گرفتەکەی ئەوەیە کە دەڵێت هەر کاتێك کۆمپیوتەرەکەم پێدەکەم دەستبەجێ واتە ئۆتۆماتیکی ئەنتەرنێت دەکرێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆی کلیك لەسەر پرۆگرامی کردنەوەی ئەنتەرنێت بکات. ئەوە هەمیشەش دووپاتە دەبێتەوە.

خوێنەری بەڕێز هۆکاری ئۆتۆماتیکی کردنەوەی کۆنێکت ئەنتەرنێت بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە پێشتر کردنەوەی ئەنتەرنێتەکەت لەسەر کردنەوەی سایتێك بووە، دواتر ئۆتۆماتیکی ئەو سایتە کۆنێکت بووە. چارەسەرکردنی گرفتەکە زۆر ئاسانە لەسەرەتادا بچۆ لەسەر شریتی لیستەکان بچۆ سەر بەشی ئەنتەرنێت و بەشی Tools بکەوە، دواتر کلیك لەسەر بەشی Internet Options بکە و لەوێشدا بەشی Connections کلیك بکە. لە خوارەوەی ئەم بەشە فەرمانێك هەیە بەناوی Dial whenever ئەو بەشە کلیك بکە راستەوخۆ کێشەکەت چارەسەر دەبێت.




# ـەیەک لە پرۆگرامەکان

zoho پرۆگرامی word هەیە کە دەکرێت ئەرکەکانت راپەڕێنێ و بێ ئەوەی کە دابەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت، یان دەتەوێ چەند دەستکارییەك لە وێنەیەکدا بکەی، بەڵام نە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و نە هیچ پرۆگرامێکی هاوشێوەی فۆتۆشۆپ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نین، بۆیە دەتوانی لەو سایتە سوود وەربگری، بە کورتی هەموو پرۆگرامە گرنگەکان لەو سایتەدا بەشێوەی ئۆنلاین هەن. بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامانە دەبێ لەپێشدا ناوی خۆت بنووسی و ئەکاونتێك بۆخۆت بکەیەوە.